
25 November

# پێشوازی لە ڕۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان دەکرێ

بەهۆی زیادبوونی ڕێژەی توندوتیژییەکان بەرامبەر ئافرەتانی جیهان، کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان بە بڕیاری ژمارە (٥٤/١٣٤) لە١٧ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٩٩ ڕۆژی ٢٥ی تشرینی دووەم (نۆڤەمبەر)ی وەك ڕۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان ڕاگەیاند. هەڵمەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی ڕۆژی بەرجەستەکردنی نابەرامبەرییەکانی دیرۆکی مرۆڤایەتییە و کوردستانیش لەو دیاردەیە بەدەر نییە. بەپێی ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتانیش ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکان کە دەرهاوێشتەی توندوتیژین لە کەمبوونەوەدایە، لەبەرامبەردا ڕێژەی تۆمارکردنی سکاڵا زیادی کردووە. لە بارەی توندوتیژییەکان بەرامبەر ئافرەتان و ڕێکارەکانی چارەسەر و بنبڕکردن، یان کەمکردنەوەی ئەو دیاردەیە لە کۆمەڵگەی کوردی، بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان ڕاوسەرنجی خۆیان دەخەنەڕوو.



تێکڕای جیهان ١٢٠ ملیۆن کچ ڕووبەڕووی خەتەنەکردن دەبنەوەو ٧٠٠ هەزار ئافرەت دەستدرێژی سێکسی دەکرێتەسەریان .لە وڵاتی بەنگلادش ڕێژەی کوشتنی ئافرەت بە دەستی هاوسەرەکەی ٥٠٪ی ڕێژەی کوشتن لەو وڵاتە پێکدە هێنێت. لە بەریتانیا لەهەر خولەکێککدا ئافرەتێك پەیوەندی بە پۆلیس دەکات بۆ یارمەتی کە ڕووبەڕووی توندوتیژی خێزانی بۆتەوە. لە خوارووی ئەفریقیا ڕۆژانە ١٤١١ ئافرەت دەستدرێژی سێکسیان دەکرێتە سەر، ئەوەش بەرزترین ڕێژەی لە جیهاندا تۆمار کردووە.

**دوا وێنەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان**

ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی لە ناوەندەکانی کارکردنی ئافرەتان بەتایبەت ئەو ئافرەتانەی لە ماڵەکان کار دەکەن، بۆتە سەرباسی پێشێلکارییەکانی مافی ئافرەتان و دواوێنەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لەسەر ئاستی جیهان، بە کۆیلەکردنی سەدان پاکیزەی کوردی ئێزیدییە کە لەلایەن تیرۆریستانی داعشەوە لە موسڵ و ڕەقە مامەڵەی کڕین و فرۆشتنیان پێوە دەکەن!

ئەو ئامارە تەکاندەرانە، هێما بۆ ئەوە دەکەن کە ئافرەت وەك نیوەی کۆمەڵگە هێشتا لە بەردەم مەترسییەکی زۆردان و نەیانتوانیوە بە سەرەتاییترین مافەکانیان شاد ببنەوە، ئەوەش لە حاڵەتێکدایە کە ئافرەت وەك کائینێکی میهرەبان و بە ویژدان و ئاشتیخواز و دایکێکی بەرپرسیار لە پەروەردەی نەوەکانی دوارۆژ و گەشەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی جێدەست و ماندووبوونیان حاشا هەڵنگرە و ڕۆڵی مەزن دەگێڕن.

**ئافرەتان زیاتر بوونەتە سووتەمەنی شەڕ**

کۆمەڵناس ڕوفیا ڕەمەزان عەلی، وەك چالاکێکی دوورەوڵات و دانیشتووی سوید، وێڕای بەرزنرخاندنی دیاریکردنی ڕۆژی ٢٥ی نۆڤەمبەر وەك ڕۆژی نێونەتەوەیی قەدەغەکردنی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان، بە پێویستی دەزانێت «چالاکان و تێکۆشەرانی بواری خەباتی یەکسانیخوازی نەك تەنیا لەو ڕۆژەدا، بەڵکو لە هەموو ڕۆژانی ساڵدا هەوڵ و تێکۆشانی خۆیان زیاتر وەگەڕ بخەن بۆ ئەوەی بتوانن جیاوازییە ڕەگەزییەکان بنبڕ بکەن».

ئەو کۆمەڵناسە تایبەت بۆ گوڵان دەڵێت: «لە جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤدا ئاماژە بەوە کراوە کە هەموو ئینسانێك ئازد لە دایك دەبێت و دەبێت ئازاد بژی و ژن و پیاویش لە یەکتر جیا نەکراوەتەوە، بۆیە پێویستە ئەو یەکسانییە لە مافەکاندا جێگیر بکرێ و لە هەموو کۆمەڵگەیەك بە یاسا پشتیوانی لێ بکرێ، بۆ ئەوەی مافی ژن لە مافی مرۆڤ جیا نەکرێتەوە، بەڵام بەداخەوە لە سەدەی ٢١یشدا هێشتا نیوەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی کە ژنانن پەراوێز خراون و هەموو چەشنە توندوتیژییان چ لەناو خێزان و چ لەناو کۆمەڵگەدا دەرهەقیان دەکرێت، تەنانەت لە شەڕەکانیشدا وك لاوازترین توێژ سەیری ئافرەت کراوە و بەئاسانی هێرشیان کراوەتەسەر و بوونەتە سووتەمەنی شەڕ، بۆ نموونە لە شەڕەکانی بۆسنا نزیکەی پێنج هەزار ژن دەستدرێژی سێکسییان

**ئامارەکان تەکاندەرن**

توندوتیژییەکان بەرامبەر بە ئافرەتان لەمێژ ساڵە بۆتە دیاردەیەکی گشتگیر و تەنانەت کۆمەڵگە پێشکەوتووەکانیشی گیرۆدە کردووە. ئەگەر ئاوڕێك لە ئاماری توندوتیژییەکان بەرامبەر بە ئافرەتانی جیهان بدەینەوە، دەگەینە ئەو واقیعە و داتاکانی بەردەستیش سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن. بۆ نموونە بەپێی دوایین ئامارەکان ٤٧٪ی ئافرەتانی ئوردن بە شێوەیەکی بەردەوام لەلایەن هاوسەرەکانیانەوە ڕووبەڕووی لێدان دەبنەوە، ٩٥٪ی قوربانیانی توندوتیژی لە وڵاتی فەرەنسا ئافرەتن، لە هەر ١٠ ئافرەتی هندستان هەشتیان قوربانی توندوتیژییەکانن. لە ڕاپرسییەکیش کە ٣٠٠٠ پیاوی کرواتی تێیدا بەشدارییان کردووە، دەرکەوتووە کە ٨٥٪ی ئەو پیاوانە لە ئافرەتیان داوە. لە میسر لە هەر سێ ئافرەت ئافرەتێك لەلایەن مێردەکەیەوە ڕووبەڕووی لێدان بۆتەوە. ساڵانە لە

**پێویستە پەرسەندن و گەشەپێدانی کەلتووری مودێڕن و یەکسانیخواز بکەینە ئامانج و خەباتی بۆ بکەین**

**هەڵسوکەوتی پێغەمبەر (د.خ) لەگەڵ هاوسەرەکانی هەڵسوکەوتێکی زۆر نەرم بووە و تەنانەت لە کاروباری ناو ماڵ یارمەتی خێزانەکانی داوە و چێشتی لەگەڵ لێناون و نانی کردووە**

**پێویستە بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی ببێتە بەشێک لە پرۆگرامی خوێندن و بە فیلمی دیکۆمێنتاری و کار و چالاکی جۆراوجۆر منداڵان و نەوەی داهاتووی کوردستان فێری یەکسانی و ڕێزگرتنی ڕەگەزی بەرامبەر بکرێن**

کرایە سەر. لە لادێکانی کۆسۆڤۆ ٣٠٪تا ٥٠٪ی ژنان لەلایەن میلیشیا سربییەکانەوە دەستدرێژییان کرایەسەر، هەر ئەمساڵ لە هێرشەکانی داعش بۆ سەر شنگال کچان و ژنانی ئێزیدی کەوتنە بەر دەستدرێژی تیرۆریستانی داعش و بەدیل گیران و دواتر لە بازاڕەکانی موسڵ و ڕەقە هەڕاج کران».

روفیا لە درێژەی ئاخافتنەکەیدا باسی ئەوە دەکات کە بەپێی دوائامارەکان «یەك لە سێی ژنانی جیهان لە ژیانیاندا بە شێوەیەك لە شێوەکان توندوتیژییان بەرانبەر کراوە»، گوتیشی: «لە وڵاتی سوید کە لە پاراستنی مافی یەکسانی ژن و پیاودا تا ڕاددەیەکی بەرچاو پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینیوە، کەچی تەنیا لە یەك ساڵدا ٢٢٧٠٠ ڕاپۆرتی توندوتیژی دژ بە ژنان تومار کراوە. بەپێی وتەی ئەوکەسانەی لەم بوارەدا ئیشیان کردووە ئەمە تەنیا ٢٢٪ تا ٢٥٪ی ئەو کەسانەن کە توندوتیژییان لەگەڵ کراوە. بەداخەوە توندوتیژیی ناو خێزان لەنێو کومەڵگە جۆراوجۆرەکاندا وەك شتێکی ئاسایی سەیر دەکرێ، بۆیە هیچ ئامارێکی باوەڕپێکراو نییە کە ڕێژەی ئەو توندوتیژییانە بە تەواوی دەستنیشان بکات. ئەو ژنانەش وا ئامادەن هەموو زوڵم و زۆرێك قبووڵ بکەن، بە مەرجێك بتوانن لای ماڵ و منداڵیان بمێننەوە، ژمارەیان کەم نییە، یەکێك لە هۆکارەکانی ئەم دیاردەیەش ئەوەیە کە زۆرینەی ژنان، یان بە مافەکانی خۆیان ئاشنا نین، یان بە هۆی نەبوونی داهاتی سەربەخۆ و دەستکورتییەوە، یان بۆ پاراستنی شیرازەی خێزانەکەیان ناچار ڕێگەی بێدەنگی هەڵدەبژێرن، بۆیە لەکاتێکدا دەیەی یەکەمی سەدەی ٢١ تێپەڕ دەکەین، بەداخەوە هێشتا ژنان لە سەرەتاییترین مافەکانی خۆیان بێبەشەن. لە چەندین وڵاتی دنیادا مافی شارۆمەندی و یەکسانی لە دەرفەتی کاردا بۆ ئافرەت بە فەرمی نەناسراوە، لە ئێران بەپێی یاسای ئەو وڵاتە زۆربەی ئەو پۆستانەی کە مافی بڕیاردانیان هەیە، لە ژنان قەدەغە کراوە و تەنانەت لە زۆربەی یارییە وەرزشیەکان بێبەشن و مافی جیابوونەوەشیان نییە، لە بەرامبەر تەڵاقیشدا مەرجی پیاو ئەوەیە کە ژنەکە دەست لە هەموو مافە یاساییەکانی خۆی هەڵبگرێ. مافی میرات بۆ ژنان نیوەی پیاوانە و زۆرجاران لەلایەن پیاوانی ماڵیشەوە ئەم نیوە مافەش بە بیانووی جۆراو جۆرەوە لە ژنان زەوت دەکرێ. هەروەها لە هەموو کۆمەڵگەیەکی نەریتی و عەشایەری دوای جیابوونەوەی هاوسەری مافی سەرپەرشتیی منداڵ بە دایك نادرێ، ئەگەر بە هەڵکەوتیش منداڵەکەی پێبدەن، بە هۆی دەستکورتییەوە ناتوانێ سەرپەرشتی منداڵەکەی لەئەستۆ بگرێت، یانیش بەو مەرجە منداڵی پێدەدرێت کە شوو نەکاتەوە و بەدیار ئەو منداڵەوە دابنیشێ، ئەگەر بڕیاری شووکردنی دا، منداڵەکەی لێ وەردەگرنەوە.

**ڕوانگەی ئیسلام و پیاوانی ئایینی**
**لە سەر توندنیژی دژی ئافرەتان**

مامۆستا جەعفەر گوانی پێشنوێژ و وتارخوێنی مزگەوتی دکتۆر نەریمان لە گەڕەکی هەولێری نوێ، سەبارەت بە هەمان پرس تایبەت بۆ گوڵان دەڵێت: «ئەگەر لە ڕوانگەی ئیسلامەوە تەماشای ریزگرتنی ئافرەت بکەین، ئەو دوو فەرموودەی پێغەمبەر (د.خ) بەسە کە دەربارەی ئافرەت فەرموویەتی: ئەو پیاوانەی ڕێز لە ئافرەت دەگرن کەسانێکی بەڕێزن، بەپێچەوانەوەش ئەوانەی سووکایەتی بە ئافرەت دەکەن کەسانێکی سووك و ریسوان، دیسان لە سەرەمەرگدا و لەدوا حەجی ماڵئاواییدا پێغەمبەر(د.خ) دەفەرموێ: دوا وەسیەتم بۆ ئێوەی پیاوان ئەوەیە کە لە خوا بترسن دەرهەقی خێزانەکانتان و باش بن لەگەڵیان، لەلایەکی دیکەوە هەڵسوکەوتی پێغەمبەر (د. خ) لەگەڵ هاوسەرەکانی هەڵسوکەوتێکی زۆر نەرم بووە و تەنانەت لە کاروباری ناو ماڵ یارمەتی خێزانەکانی داوە و چێشتی لەگەڵ لێناون و نانی کردووە، کە کەم پیاو لە ئێستادا ئەو جۆرە هەڵسوکەوتە ئەنجامدەدات، بەداخەوە هەڵسوکەوتی چەوتی هەندێ لە موسڵمانان وایکردووە، ئەو توندوتیژییەی کە ئەمڕۆ هەیە بدرێتە پاڵ ئیسلام».

**پەرلەمان و حکومەت کاری گرنگیان بۆ بەرنگاربوونەوەی توندتیژی کردووە**

یاساناس هێڤی جۆلا، کە هاوکات چالاکی بواری مافەکانی ئافرەتە، هێما بۆ ئەوە دەکات، توندوتیژی دژ بە ئافرەت یەکێکە لەو دیاردە ناشارستانییانەی کە لە سەردەمانێکی کۆنەوە بە شێوازی جۆراوجۆر لە ناو کۆمەڵگە جیاوازەکانی جیهاندا پیادە کراوە، گوتیشی: «توندوتیژی خێزانی بریتییە لە هەر کردەوەیەك، یان هەڕەشەیەك لە چوارچێوەی خێزاندا کە دەشێت زیانی جەستەیی، یان دەروونی لێ بکەوێتەوە بۆ سەر تاك و ڕێگری لە ئازادییەکانی بکات و هەندێك جاریش ببێتە هۆی لەدەستدانی ئەندامێکی جەستە، یاخود مردنی، ئاشکراشە دیاردەی توندوتیژی دیاردەیەکی تایبەت بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نییە، بەڵکو ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەرژمێرییەکانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی، دەبینین لە زۆربەی وڵاتانی ڕۆژئاوا نموونەی سوید و هۆڵەندا و بەریتانیا و تەنانەت لە وڵاتێکی زلهێز و پێشکەوتووی وەك ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش ئەم دیاردەیە بە ڕێژەیەکی دیار بەرچاو دەکەوێت و ڕۆژانە چەندین داوا تۆمار دەکرێت، بەڵام ئەگەر بێینە سەر لایەنی جیاواز لە نێوان کۆمەڵگەکانی ڕۆژئاوا و کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست جیاوازییەکە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە تاکەکانی کۆمەڵگەی ڕۆژئاوا درك بە مافەکانی خۆیان دەکەن و ئاستی ڕۆشنبیرییان گەیشتووەتە ئەو ڕاددەیەی کە نەترسن لە داواکردنی مافەکانی خۆیان و پەنابردن بۆ یاسا و بنکەکانی پۆلیس بۆ بەدەستهێنانی ئەو مافە، لە کاتێکدا لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی و بەتایبەتی لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا پیاوسالاری ترسێکی گەورەی لە دڵی ئافرەتاندا دروستکردووە و بە جۆرێك خراوەتە مێشکیانەوە کە داواکردنی مافی خۆیان، یاخود پەنابردن بۆ کەسێك لە دەرەوەی خێزان ئەگەرچی یاساش بێت، کارێکی ناشیاو و عەیبە، بە درێژایی مێژووش ئەم جۆرە بۆچوونانە ڕەگی داکوتاوە لە ناو خێزانەکاندا بە جۆرێك کە پێویستی بە گۆڕینی نەوەیەك هەیە بۆ کاڵکردنەوەی ئەم بیروبۆچوونانە، بەڵام جێی دڵخۆشییە پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان کاری گرنگیان لە بواری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژبە ئافرەتان کردووە، جا چ بە دەرکردنی یاسا بێت، یان بە کردنەوەی ناوەندەکانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی، یاخود ساڵانە تەرخانکردنی (١٦) ڕۆژ بۆ چڕکردنەوەی کار و چالاکییەکان و ئامادەکردنی ئامارەکان لەسەر ئەم بابەتە و بە بەردەوامی بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری گشتی و بەکارهێنانی میدیاکان بۆ گەیاندنی ڕۆشنبیری یاسایی بە تاك و خێزان سەبارەت بە مافەکانی ئافرەت، لەلایەکی دیکەوە دەبینین ڕێژەیەکی بەرچاو لە ئافرەتان لە دەرەوەی ماڵ کار دەکەن و ڕۆڵی ئافرەت زیاتر بەهەند وەرگیراوە و پۆستی بەرچاویان هەیە لە دام و دەزگا حکوومییەکان و ڕێکخراو و کۆمەڵە و دەزگاکانی ڕاگەیاندن، ئەمانەش هەمووی ئاماژەن بۆ گۆڕانکاری لە بیروبۆچوونی

■

**لە ئەورووپاش توندوتیژی هەیە، بەڵام دەوڵەت پشتیوانی قوربانییە، بەڵام لە کوردستان بە پێچەوانەوە جێگەیەکی شیاو و باوەڕپێکراو بۆ قوربانییانی توندوتیژی بوونی نییە، یاسا بە تەواوی پشتیوانی ژنان ناکات، کەمکاریی دەوڵەتیش لە بواری وشیارکردنەوەی تاکی کۆمەڵگە وایکردووە کە ئافرەتان بەردەوام ڕووبەڕووی توندوتیژی ببنەوە**

■

**لە زۆربەی وڵاتە ئیسلامییەکانیشدا کوشتن لەسەر شەرەف سزای نییە، هەروەها نەخوێندەواری یەکێک لە کێشە سەرەکییەکانە و ژنی دایک کە ئەرکی گەورەکردن و پەروردەی لە ئەستۆیە، چۆن دەتوانێ منداڵی ئازاد و بەختەوەر پەروەردە بکات، کاتێک خۆی بەهۆی نەخوێندەوارییەوە دیلی ئەو فەرهەنگ و کەلتوورە دواکەوتووەیە کە مافەکانی خوێ ناناسێت**

■

**ئاستی هۆشیاری ئافرەتان لەبەرزبوونەوەدایە و زیاتر لە پەنابردن بۆ خۆسووتاندن و خۆکوشتن، سکاڵای یاسایی تۆمار دەکەن**

**هەڵسوکەوتی چەوتی هەندێ لە موسڵمانان وایکردووە، ئەو توندوتیژییەی کە ئەمڕۆ هەیە بدرێتە پاڵ ئیسلام**

**کۆمەڵگەی نەریتی و باوکسالاری و ئاوێتەکردنی دین و دەوڵەت کەلتوورێکی کۆنەخوازیی و ژنکوژی بۆ کۆمەڵگە درووست کردووە، کە تەنانەت بە کۆیلە دەکرێن، کە نموونەی بەرچاویان کچانی بێتاوانی کوردی ئێزیدی بوون کە داعش مامەڵەی کڕین و فرۆشتنیان پێوە دەکات**

تاکەکان و کرانەوەی زیاتر بە رووی گۆڕانکارییەکاندا و هاوکاری و پاڵپشـــتیکردنی زیاتر لەلایەن پیاوانەوە بۆ ئەم پرۆسەیە، چونکە بمانەوێ و نەمانەوێ پێشـــکەوتن و گۆڕانـــکاری بە یەك لایەن ئەنجام نادرێ، بەڵکو پێویستی بە هاوکاری و دەست لەناو دەستی ســـەرجەم لایەن و چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگە بە هەر دوو رەگەزەوە هەیە».

**ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی**

لەلای خۆیەوە بەڕێوەبـــەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان (رائیدی مافپەروەر ژیلەمۆ عەبدولقادر) لە ئاخافتنێکی تایبەتدا بۆ گوڵان، جەختی لەوە کردەوە کە «بەپێی ئامارەکان رووداوە کۆمەڵایەتییەکان کە دەرهاوێشتەی توندوتیژین لە کەمبوونەوەدایە، لەبەرامبەردا رێژەی ســـکاڵا تۆمارکردن زیادی کردووە، ئەوەشی بـــە «حاڵەتێکی تەندروســـت و جۆرێـــك لـــە خۆبەتاڵکردنەوە» ناوبرد. گوتیشـــی: «خۆشبەختانە ئاستی هۆشـــیاری ئافرەتان لەبەرزبوونەوەدایە و زیاتر لە پەنابردن بۆ خۆسووتاندن و خۆکوشتن، ســـکاڵای یاســـایی تۆمار دەکەن و ســـکاڵاکانیش لەسەنتەری راوێژکاری خێزانی و تەواوی نووســـینگەکانمان بە سەرپەرشـــتی توێژەرانی کۆمەڵایەتی و یاساناسان کێشەکانیان چارەسەر دەکرێت، ئەو کێشانەش کە پێویست دەکات دادگای لێ ئاگادار بکرێتەوە لە رێگەی لیژنەی ئاشتەوایی چارەسەری کێشەکانیان دەکرێت، کە هەر یەك لە ئەنجومەنی باڵای کاروباری خانمان و سەندیکای پارێزەران و یەکێتی زانایان و وەزارەتـــی ناوخۆ و کاروباری کۆمەڵایەتی و تەندروستی سەرپەرشتی لیژنەی ناوبراو دەکەن».

رائید ژیلەمۆ زیاتر گوتی: «هەموو ئەو مافانەی کە لە یاســـای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانیدا هاتووە، مافی کەسین، ئەگەر ئافرەتێك توندوتیژیشـــی بەرامبەر بکرێ، مادام سکاڵا تۆمار نەکات، ئێمە ناتوانین هیچ بۆ ئەو ئافرەتە بکەین». ئەوەشی ئاشکرا کرد کە «لە ١٠ مانگی یەکەمی ئەمساڵ ٢١٦٩ سکاڵا لە رێگەی بەڕێوەبەرایەتی توندوتیژی و نووســـینگەکانی ســـەر بەم بەڕێوەبەرایەتییە تۆمار کراون، کە ٩٤٩ کێشـــە لەم کێشـــانە چارەسەر کراوە و کەیسەکانیان داخراوە، ئێستاش ٧١٧ کێشە لە ژێر لێکۆڵینەوەدایە، ٥٠٣ کێشە لە رێگەی لیژنەی ئاشتەوایی رەوانەی دادگا کراوە، هەروەها کوشتنی ئافرەت ١٦ حاڵەت و خۆکوشـــتن ١٢ حاڵەت و سووتانی قەزاوقەدەر ٦٤ و خۆســـووتاندن ٢٦ حاڵەت بووە، بەڵام لە ١٠ مانگی یەکەمی ساڵی رابردوو ١٣٢٩ سکاڵا تۆمارکراون، ٢٣ کوشتنی ئافرەت، ١٥ خۆکوشتن، ٨٥ سووتانی قەزاوقەدەر، ٤٢ خۆسووتاندن هەبووە»، گوتیشـــی: «زۆرینەی کێشەکانمان کێشەی نێوان هاوسەرانە جگە لەوەی هۆکارەکانی پەیوەندیکردن بە تایبەت مۆبایل گرفتی زۆری لەناو خێزانەکان دروستکردووە»، نیگەرانی خۆیشی لەوە دەربڕی کە «حکومەتی هەرێم تا ئێستا هیچ بودجەیەکی بۆ چالاکییەکانی ئەو یادە تەرخان نەکردووە کە ساڵانە لە رۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی ١٦ رۆژی بۆ تەرخان دەکرا».

چیمەن قەرەداخی چالاکی کۆمەڵـــی مەدەنی لە فنلەندا، رایوایە لە کوردســـتان توندوتیژی بەرامبەر بـــە ئافرەتان رێژەیەکی بەرزی هەیە و هەرلەو بارەیەوە دەڵێت: «ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ بنەماکانی توندوتیژی دەبینین لە کوردســـتان زۆربـــەی خێزانەکان دەگرێتەوە، چونکە توندوتیژی تەنها کوشتن و لێدان و سووتان نییە، توندوتیژی، بەرزکردنەوەی دەنگە بەســـەر بەرامبەردا، هەڕەشەیە، بێدەنگکردن و خەفەکردنـــە، پاڵپێوەنان، دڕاندنی هەرشـــتێك لەکاتی هەڵچووندا، شـــکاندنی شمەك، ســـێکس بەزۆر، یان بەبێ رەزامەندی هاوسەر، ئەمانە و زۆر شـــتی دیکە لە زۆربەی خێزانەکان و شـــوێنی کار و ناو کۆمەڵگەدا روودەدات. کۆمەڵگەی نەریتی و باوکســـالاری و ئاوێتەکردنـــی دین و دەوڵەت کەلتوورێکی کۆنەخوازیی و ژنکوژی بۆ کۆمەڵگە دروســـت کردووە، کـــە تەنانەت بە کۆیلە دەکرێن، کە نموونەی بەرچاویـــان کچانی بێتاوانی کـــوردی ئێزیدی بوون کە داعش مامەڵەی کڕین و فرۆشتنیان پێوە دەکات، جیا لەوەش لەناو کۆمەڵگـــەی کوردیش ژنان و کچانی کـــورد لە هەموو کات زیاتر رووبەڕووی توندوتیـــژی دەبنەوە، جێگەی داخە کورد نیشـــانەی پرســـیاری بۆ جیهان دروســـتکردووە، کە بۆ پاراستنی شەرەف ژن دەکوژن و شـــەرەفی خێزان لە سێگۆشـــەیەکدا دەبینن، راســـتە لە ئەورووپـــاش توندوتیژی هەیە، بەڵام دەوڵەت پشـــتیوانی قوربانییە، بەڵام لە کوردســـتان بەپێچەوانەوە جێگەیەکی شـــیاو و باوەڕپێکراو بۆ قوربانییانی توندوتیژی بوونی نییە، یاسا بە تەواوی پشتیوانی ژنان ناکات، کەمکاریی دەوڵەتیش لە بواری وشیارکردنەوەی تاکی کۆمەڵگە وایکردووە کە ئافرەتـــان بەردەوام رووبەڕووی توندوتیژی ببنەوە».

روفیـــا رەمەزانیـــش جەخـــت لەوە دەکاتەوە کە لە «ژێر ناوی شەرەف و نامـــووس رۆژانە دەیـــان ژن بەو پەڕی دڵڕەقییـــەوە دەکوژرێن و رادەی خۆکوژی لەناو ژنانـــدا بە رادەیەکی زۆر پەرەی سەندووە. یاساکان لە کێشە خیزانییەکاندا بە بێ پرسینەوە لە ژن لایەنی پیاوان دەگرن. لە زۆربەی وڵاتە ئیسلامییەکانیشدا کوشتن لەسەر شەرەف سزای نییە،



هەروەها نەخوێندەواری یەکێك لە کێشە سەرەکییەکانە و ژنی دایك کە ئەرکی گەورەکردن و پەروردەی لە ئەستۆیە، چۆن دەتوانێ منداڵی ئازاد و بەختەوەر پەروەردە بکات، کاتێك خۆێ بەهۆی نەخوێندەوارییەوە دیلی ئەو فەرهەنگ و کەلتوورە دواکەوتووەیە کە مافەکانی خوێ ناناسێت، سێ یەکی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی نەخوێندەوارن، ٦٠٪ی ئەم ڕێژەیەش ژنانن، نەخوێندەواری ژنان لەلایەن یونسکۆوە وەك هۆی سەرەکی گەشەنەکردنی کومەڵگە بەتایبەتی لە وڵاتانی جیهانی سێیەم ئاماژەی پێکراوە».

سەبارەت بە ڕێکارەکانی چارەسەریش گوتی: «٢٥ی نۆڤەمبەر وەك ڕۆژی جیهانی دژی توندوتیژی دژی ژنان دەستنیشان کراوە و پێویستە ئەوە هاندەرمان بێت، بۆ ئەوەی هەموو چالاکانی بواری مافەکانی ژنان و ئازادیخوازان بۆ هەڵوەشاندنەوەی هەموو چەشنە هەڵاواردنێکی ڕەگەزی هەوڵبدەن، تێبکۆشن بۆ دەستەبەرکردنی یەکسانی بە دانانی یاساگەلێك کەوا مافی هەموو ئینسانەکان بەبێ جیاوازی تێیدا ڕەچاو بکرێ. دەبێ هەڵسوڕاوانی ژنان هەموو ڕۆژێك وەك ٢٥ی نۆڤەمبەر چاو لێبکەن و هیچ کات پێیانوا نەبێت کە ئێستا کاتی قسەکردن لەسەر ئەو مسەلەیە نییە، چونکە تا ئێستاش ژنێك بە دەستی بنەماڵەکەی دەکوژرێ، کچێك لە ڕێگەی قوتابخانە، یان ماڵ دەستدرێژی دەکرێتە سەری، ژنێك بەپێی دابونەریتی کۆنی کۆمەڵگە ناقس دەکرێ، یان لە گۆشەی بەندیخانەیەکدا تا هەتایە بەند دەکرێ بۆ ئەوەی لە کوشتنی بنەماڵەکەی ڕزگاری بێت، یان بە تەمای ئەوەیە حوکمی شەرعی لە سەر جێبەجێ بکرێ. بۆیە پێویستە پەرەسەندن و گەشەپێدانی کەلتووری مودێرن و یەکسانیخواز بکەینە ئامانج و خەباتی بۆ بکەین، خەبات بۆ گۆڕانی هەموو ئەو یاساگەلە کە دژ بە مافی ژنان نووسراون، خەبات بۆ دابینکردنی ئابووری بە مەبەستی سەربەخۆیی ئابووریی ژنان و مافی مروڤ لە هەموو ماڵێکدا ڕەچاو بکرێت».

### پێویستە بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی ببێتە بەشێك لە پرۆگرامی خوێندن

هەروەها یاساناس هێڤی جۆلا بە پێویستی دەزانێت «حکومەتی هەرێم زیاتر گرنگی بە بواری پەروەردە و بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری یاسایی سەبارەت بە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی و بڵاوکردنەوەی لە سەرجەم قۆناغەکانی خوێندندا بدات و هاوکات دەڵێت: «پێویستە بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی ببێتە بەشێك لە پرۆگرامی خوێندن و بە فیلمی دیکومێنتاری و کار و چالاکی جۆراوجۆر منداڵان و نەوەی داهاتووی کوردستان فێری یەکسانی و ڕێزگرتنی ڕەگەزی بەرامبەر بکرێن و ڕابهێندرێن لەسەر زمانی گفتوگۆ و بەرزنرخاندنی کاری بەرامبەر، تاکو بۆ خۆیان و بۆ داهاتووی کوردستان تاکێکی تەندروستیان لێ بەرهەم بێت».

چیمەن قەرەداخیش چارەسەرەکان دەخاتە ئەستۆی حکومەت و دەڵێت: «هەموو چاکسازییەك لە دەوڵەتەوە دەستپێدەکات، دوورخستنەوەی دین لە دەوڵەت، ڕۆشنبیرکردنی کۆمەڵگە هەر لە باخچەی ساوایانەوە تا دواقۆناغەکانی خوێندن بەرامبەر بە نەهێشتنی جیاوازیی ڕەگەزی، ڕۆشنبیرکردنی دەزگای پۆلیس بۆ هاوکاریکردنی قوربانی و سزادانی تاوانبار و نەهێشتنیی سوڵحی عەشایەری و زۆر شتی نەرێنی دیکە لە ئەستۆی حکومەتدایە».

**لە ١٠ مانگی یەکەمی ئەمساڵ ٢١٦٩ سکاڵا لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی توندوتیژی و نووسینگەکانی سەر بەم بەڕێوەبەرایەتییە تۆمار کراون، کە ٩٤٩ کێشە لەم کێشانە چارەسەر کراوە و کەیسەکانیان داخراوە، ئێستاش ٧١٧ کێشە لە ژێر لێکۆڵینەوەدایە، ٥٠٣ کێشە لە ڕێگەی لیژنەی ئاشتەوایی ڕەوانەی دادگا کراوە، هەروەها کوشتنی ئافرەت ١٦ حاڵەت و خۆکوشتن ١٢ حاڵەت و سووتانی قەزاوقەدەر ٦٤ و خۆسووتاندن ٢٦ حاڵەت بووە، بەڵام لە ١٠ مانگی یەکەمی ساڵی ڕابردوو ١٣٢٩ سکاڵا تۆمارکراون، ٢٣ کوشتنی ئافرەت، ١٥ خۆکوشتن، ٨٥ سووتانی قەزاوقەدەر، ٤٢ خۆسووتاندن هەبووە**

